# ساڵێك تێپەڕی و ساڵێك داهات

﴿ عام مضى وعام قادم ﴾

[ كردي – كوردی – kurdish ]

عبدالعزيز محمد السدحان

وەرگێڕانی: احسان برهان الدين

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ عام مضى وعام قادم ﴾

« باللغة الكردية »

عبدالعزيز بن محمد السدحان

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ساڵێك تێپەڕی و ساڵێك داهات

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

ساڵێك تێپەڕی: ﴿ يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُوْلِي الْأَبْصَارِ ﴾ [النور:٤٤]، ﴿ وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ ﴾ [آل عمران:١٤٠]، ﴿ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثاً ﴾ [الأعراف:٥٤].ڕاستی فەرمووی خوای گەورە و، کێ بێت لەئەو ڕاستگۆتر.

ئەم ڕێکردنە بەپەلە و خێرایە، لە دونیا دووورت دەخاتەوە و، لە دوارۆژ ماڵی پاداشت نزیکت دەکاتەوە.

عەلی کوڕی ئەبو تالیب ڕەزای خوای لێبێت، دەفەرموێت: دونیا ڕۆیشت و پشتی هەڵکرد و، دوارۆژیش هات و بەرەو ڕوومان بوویەوە، هەر یەکێك لەو دوانەش ڕۆڵەیان هەیە،جا ببنە ڕۆڵەی دوارۆژ و، مەبنە ڕۆڵەی دونیا، چونکە ئەمڕۆ کردەوەی بێ پاداشتە و سبەی لێپرسینەوەی بآ کردەوەیە. أخرجه البخاري .

نسير إلى الآجال في كل لحظة *** وأعمارنا تطوى وهُنّ مراحل

ترحل من الدنيا بزاد من التقى *** فعمرك أيام وهن قلائل

وما هذه الأيام إلا مراحلُ *** يحث بها حادٍ إلى الموت قاصدُ

وأعجب شيء لو تأملت أنها *** منازلُ تطوى والمسافر قاعد

واتە: سات بە سات بەرە و ئەجەلەکانمان ڕێ دەکەین و، تەمەنمان کە بریتیە لەچەند قۆناغێك ڕادەبووری، بۆیە لەم دونیایە بە توێشوویەکی لەخواترسانەوە دەرچۆ، چونکە تەمەنت خۆی بریتیە لەچەند ڕۆژێکی کەم، خودی ڕۆژەکانیش قۆناغێکن

سەرئەنجامەکەیان مردنە، لەهەمووش سەرسورهێنەرتر ئەوەیە کە ئەگەر ووردبیتەوە، ئەوانە چەند هەوارێکن کە گەشتیار ئەگەر دانشتبێتیش هەر دەیانبرێت.

خامەی یەکێك لە نووسەرە قسە جوانەکان بەم شێوە ستایشی تێپەڕبوونی ساڵی کردووە و دەفەرموێت:

تارماییەکم لەسەر ڕێگا بینی، بەماندوویی ڕێی دەکرد، لەسەر ئەو ڕێگەی کەلە ڕاستایی و شیودا نەبوو، نە بەسەر چیا و ڕۆخی دەریا و بیابانیشدا تێدەپەڕی، بەڵکو ڕاستایی و شیو و چیا و دەریای پێکەوە لوول دەکرد بەوانەشەوە کە تێیدا بوون لەو ڕێگەی کە وەکو هێلێکی سپی چاوی دەدا، سەرەتاکەی دیارنەبوو لەتاریکی ئەزەل و، کۆتاییەکەشی بەهەمان شێوە چووبوویە تەم و مژی هەتاهەتاییدا.

پیرێکم بینی لەسەر ڕێگای زەمانە ڕێی دەکرد، گوێیشم لەبانگکەرێك بوو هاواری لە دونیای خەوتوو دەکرد: بێداربە بێدار بە،وا ساڵەکە ئیستا کۆچ دەکات، ئایا ئەوە ڕاستە، دەبێت هەموو ئەو ڕووداوانە لە کپیدا ڕووبدەن؟

لەم شەوەدا ساڵێك دەمرێت و، ساڵێکی تر لەدایك دەبێت، بەیادگاری و ناسۆری و هیواکانمانەوە بۆیەکجاری دەڕوات و ناگەڕێتەوە.

ساڵە تازەکەش باوەشمان بۆ دەکاتەوە، بۆئەوەی پارچەیەك لە دەروون و ژیانمان ببات، لەجیاتی ئەوەش هیچمان پێنادات، ئایا ئەم ژیانە بریتی نییە لەچەن ساڵێك بەسەر یەکەوە؟ ئایا خۆمان بریتی نین لە یادگاری و ئازار و ناسۆری؟

تاکۆتایی قسەکانی خوا پاداشتی بداتەوە.

**وا ئەم ساڵەش ماڵئاوایی کرد:**

وا ئەم ساڵەش خۆی کۆکردەوە و، کەلوپەلی گەشتکردنی ئامادەکرد، هەموو کەسەکانیش لەڕاستیدا دەڕۆن، جا هەندێکیان خۆی بە پەروەردگاری دەفرۆشێت و لە کۆت و بەندی دونیا دەردەچێت، هەندێکیشیان بەهۆی هەواو ئارەزووەکانیانەوە خۆیان لەنێو دەبەن، ساڵێکی تەواو، ڕۆژەکانی ڕۆیشتن و، کاتەکانی پەرتەوازە بوون، پڕبوو لە پەند و ئامۆژگاری و ڕووداوی جۆراوجۆر، بێگەردی بۆخوای بێ هاوتا، چەند خەڵکی تێدا لەخشتە چوون و، چەندیش تێیدا بەختەوەر بوون؟ چەند منداڵی تێدا هەتیو کەوت و، چەند ئافرەتی تێدا بێوەژن بوو، چەند خاوەن هاوسەری تێدا تاکو تەنها بوویەوە، کەسانێك نەخۆشەکەیان چاك بوویەوە، کەسانێکیش نەخۆشەکەیان بوو بە نیشتەجێی گڵ، کەسانێك مردووەکەیان دەنێژن و، کەسانێك سەرقاڵی خۆشی و هاوسەرگیرین، ماڵێك بە لەدایك بوونی منداڵێك دەگەشێتەوە و، ماڵێکی تریش سەرخۆشی

مردووەکەیان ئاراستە دەکرێت، لەلایەکەوە فرمێسکی خۆشی و، لەلایەکی ترەوە فرمێسکی گەرمی پەژارە و خەم، ئازارە و دەبێتە شادی، شادیشە دەگۆرێت بۆ ماتەمینی، یەکێك هیوادارە رۆژەکەی بەسەر بچێت بۆئەوەی خەم و پەژارە و دڵەراوکێ لەگەڵیدا بەسەر بچێت، یەکێکی تریش ئومێدەوارە رۆژەکەی درێژبێتەوە، بۆئەوەی خۆشی و شادیەکەی بەردەوام بێت.

گەشتیاری وا هەیە لەهەرکوآ بگونجێ لا دەدات، گەشتیاریش هەیە هەمیشە لەهەوڵ و بزووتنەوەی رۆزی و دەستکەوتندایە.

کەسێك ئامادە بوو، کەسیك دواکەوت، کەسیك نەخۆش کەوت و کەسێك نیژرا، ئیتر هەروەها، هەندێك بارووذۆخ گۆرا و، هەندێك لە کەسەکانیش گۆران، پاکی و مەزنی بۆ ئەو خوایەی کە کارەکان بەرێوە دەبات، کارەکانی چەندە مەزنن،خەڵکانێك سەربەرز دەکات و خەڵکانێك سەرشۆر دەکات، لەچاکە و فەزڵی خۆی دەبەخشێت و، بەدادگەری خۆیشی بەخشین قەدەغە دەکات، پەروەردگارمان هەرچی بیەوێت درووستی دەکات و هەڵیدەبژێرێت، چەندین مەسەلە کە بەدوای یەکتردا دێن دەبێتە پەند و ئەزموون بۆ کەسیکی هۆشمەند و، نەفامیش لە خەوی غەفڵەت رادەچەڵەکێنیَ، ئەوکەسەش پەند و ئامۆژگاری لەدەورووبەری خۆی وەرنەگرێت، ستەمی لەخۆی کردووە. وەکو شاعیر دەڵێت:

خليلي كم من ميت قد حضرته *** ولكنني لم أنتفع بحضوري

وكم من ليال قد أرتني عجائباً *** لهنّ وأيام خلت وشهور

وكم من سنين قد طوتني كثيرة *** وكم من أمور قد جرت وأمور

ومن لم يزده السنّ ما عاش عبرة *** فذاك الذي لا يستنير بنور

واتە: ئەی دۆستەکەم ئامادەی چەندین کەس بووم لەسەرەمەرگدا، بەڵام سوودم لەو ئامادەبوونە نەبینی، رۆژگار و شەوگارەکانیش شتی سەیروسەمەرەیان زۆر پێشاندام، ساڵانێکی زۆرم گوزەراند و رووداوگەلی زۆریان تێدا روویدا، بۆیە ئەو کەسەش لە ساڵانی ژیانی پەند وەرنەگرێت، ئەوە کەسێکە هەرگیز لەهیچ رووناکیەك سوودمەند نابێت.

**ئارەزووە جیاوازەکان:**

هەست و ئارەزووی خەڵکەکان جیاوازن لەکاتی تێپەربوونی ساڵدا، هەندێکیان خۆشحاڵ و هەندێکیان خەمبار دەبن، هەندێکیشیان لەنێو ئەو دوو حاڵەتەدا دەبن، بۆنمونە زیندانی خۆشخاڵ دەبێت بە رەتبوونی ساڵێك، چونکە لە رزگاربوون نزیك

دەبێت، بەڵکو ئەو ڕۆژ و شەوەکان دەژمێرێت، پێش ئەوەش مانگ و ساڵەکانی بەسەردا تێدەپەری و هەستی پێنە دەکرد، وەکو شاعیرەکە دەڵێت:

أعدّ الليالي ليلة بعد ليلة *** وقد عشت دهراً لا أعدّ اللياليا

واتە: شەو لەدوای شەو شەوەکان دەژمێرم، سەردەمانێکیش بوو شەوگارەکانم نەدەژمارد.

یەکێکی تریش خۆشحاڵە بە تێپەربوونی ساڵەکەی، چونکە کرێی خانوو و موڵکەکانی وەردەگرێت، کە بە کرێی داون و، سوودیان لێوەردەگرێت، یان کەسێك خۆشحاڵ دەبێت بە تێپەربوونی ساڵ بەهۆی بەرزبوونەوەی لە فەرمانگەکەیدا، زۆر جۆری تریش هەیە لە خەڵکی لەم بارەوە بەڵام مەبەستەکانیان دونیاییە و پەیوەندی بە دوارۆژەوە نیە، بۆیە خۆشحاڵی بە تێپەربوونی ڕۆژان و ساڵان و بآ گرنگیدان بەوەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێت، جۆرێکە لە خەسارۆمەندی وەکو شاعیر دەڵێت:

إنا لنفرح بالأيام نقطعها *** وكل يوم مضى يدني من الأجل

فاعمل لنفسك قبل الموت مجتهداً *** فإنما الربح والخسران في العمل

ئیمە شادیمان دەبینی بە تیپەربوونی ڕۆژان، لەکاتێکدا هەموو ڕۆژێك لەمردن نزیکترمان دەکاتەوە، کۆشش بکە بۆ کارکردن بۆ خۆت لەپێش مردنت، چونکە قازانج و زیان هەر لە کردەوەدایە.

هۆشمەند ئەو کەسەیە پەند لە دوێنێ ی خۆی وەربگرێت و، کۆشش بۆ ئەو ڕۆژەی بکات کە تێیدایە و، بۆ سبەینێشی خۆی ئامادە بکات، یەکێك لە گەورەترین حیکمەتەکانیش لە بەدوای یەکدا هاتنی ساڵەکان و گۆڕانی ڕارودۆخەکان و کەسەکان ئەوەیە کە بەڵگەیە لەسەر مەزنی خوای گەورە.

( هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ) [الحديد:٣]

چونکە خوای گەورە یەکەمە و پێش خۆیشی هیچ نەبووە، دواینە و پاش خۆیشی هیچ نییە...

پاك و بێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارە چەند مەزنە و چەند گەورەیە دەسەڵاتی:( كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ ) [القصص:٨٨]. ( كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ (٢٦) وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ ) [الرحمن:٢٦،٢٧].

**فریای کاتەکانت بکەوە:**

پێویستە لەسەر کەسی خاوەن بیر و هۆش ئاگای لە کاتەکانی بێت و، هەناسەکانی خۆی بژمێرێت و، ساتەکانی بپارێزێت و چرووکی تێدا بکات و دەست بەرداری هیچ چرکەیەك لە چرکەکانی تەمەنی نەبێت و، هەمووی بقۆزێتەوە بۆ دونیا و دوارۆژی خۆی.

بە پێغەمبەر (نوح)یان وت سەلامی خوای لێبێت، پاش ئەوەی کە نۆسەد و پەنجا ساڵ لە نێو قەومەکەیدا مایەوە: چۆن دونیات بینی، فەرمووی: وەکو کەسێك بوو لەدەرگایەك بچێتە ژوورەوە و، لەو دەرگاکە بچێتە دەرەوە.

ئەی ئەو کەسەی خوای گەورە تەندرووستی و ساغ و سەلامەتی پێبەخشیوی، چێژ لە نیعمەتەکانی خوا دەبەیت، وریای ساڵەکانی تەمەنت بە، پێش ئەوەی مردن لەپر بێت و پەنجەی پەشیمانی بگەزیت، چونکە ئەو کاتە پەشیمانی فریات ناکەوێت.

ئەوەش لەیاد دەکەیت کە ئەو نیعمەت و خۆشیانەی کە تێیدابووی هەموو بەیانی و ئێوارەیەك، لەوانەیە شتێکیان بەدوادا بێت هەموویانت لەبیر باتەوە، وەکو چۆن ئەو کەسەی کە تەمەنی بە گوێرایەڵی خوای گەورە ئاوەدان دەکاتەوە و، لە ژیانێکی تەنگ و ناخۆشدایە، لەوانەیە بەدوای ئەوەدا تووشی خۆشییەك ببێت کە ئەو ناخۆشیانەی لەبیر باتەوە.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: يؤتى بأنعم أهل الدنيا من أهل النار يوم القيامة فيصبغ في جهنم صبغة ثم يقال له: يا ابن آدم، هل رأيت خيراً قط؟ هل مر بك نعيم قط؟ فيقول: لا والله يا رب! ويؤتى بأشد الناس بؤساً في الدنيا من أهل الجنة، فيصبغ في الجنة صبغة، فيقال له: يا ابن آدم، هل رأيت بؤساً قط؟ هل مر بك شدة قط؟ فيقول: لا والله يا رب! ما مرّ بي بؤس قط، ولا رأيت شدة قطّ } [أخرجه الإمام مسلم عن أنس رضي الله تعالى عنه].

واتە: لەرۆژی قیامەت یەکێك لە خۆشحاڵترین خەڵکی دونیا دەهێنن کە دۆزەخیە پەنجەیەکی دەخەنە دۆزەخ پێی دەڵێن ئەی ئادەمیزاد هیچ خۆشیەکت لە دونیادا بینیوە؟

دەڵێت نە بەخوا ئەی پەروەردگارم، یەکێکیش دەهێنرێت لەوانەی کە دەچنە بەهەشتەوە و لە دونیادا لە ئەوپەری سەغڵەتیدا بووە، پێی دەوترێت: ئەی ئادەمیزاد، ئایا هەرگیز سەغەڵتیت بینیوە؟ تەنگانەت بەسەردا تێپەریوە؟ دەڵێت: نە بەخوا ئەی پەروەردگارا! هەرگیز نارەحەتیم نەچەشتووە و نەبینیوە.

خوایە ساڵەکەمان بە خۆشی و چاکە بەسەر بهێنەوە، سەرەئەنجامیشمان بکە بە خۆشی و چاکە، خۆت خاوەن دەسەڵاتیت ئەم نزایەمان وەرگریت.

**- تەمەن درێژی یان نیعمەتە یان کارەساتە:**

بەدوادا هاتنی مانگ و ساڵەکان بەسەر بەنەدەدا، لەوانەیە نیعمتێك بێت و، لەوانەشە کارەساتێك بێت و برژێت بەسەریدا، چونکە تەمەن درێژی خۆی لەخۆیدا نیعمەت نییە، ئەگەر بەندە تەمەن درێژ بێت و بەکاری چاکە ئاوەدانی نەکاتەوە، ئەوە بەڵگەی زیاتر بۆلای خوا لەسەر خۆی کۆدەکاتەوە، ئیمامی ئەحمەد و (الترمذي) و (الحاكم) لە (ابی بکرە)ەوە دەگێرنەوە کە فەرموویەتی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (( خير الناس من طال عمره وحسن عمله، وشر الناس من طال عمره وساء عمله )).

واتە: چاکترینی خەڵکی کەسێکە تەمەن درێژ و کردەوە چاك بێت، خراپترین خەڵکیش کەسێکە تەمەن دریژ و کردەوە خراپ بێت.

وەکو شاعیرێکیش دەڵێت:

طول الحياة حميدة *** إن راقب الرحمن عبدهُ

وبضدها فالموت خير *** والسعيد أتاه رشده

تەمەن درێژی شتێکی باشە، ئەگەر بەندە گوێرایەڵی پەروەردگاری بێت، بەپێچەوانەشی مردن چاکترە و، خۆشبەخت ئەو کەسەیە رێگاری راست بگرێت.

یەکێکی تریش لەباسی ئەوکەسەی کە سوودی لەتەمەنی نەبینیوە و دەڵێت:

شيخ كبير له ذنوب *** تعجز عن حملها المطايا

قد بيضت شعره الليالي *** وسوّدت قلبه الخطايا

واتە: بەساڵاچوویەك ئەستۆی خۆی لەتاوان قورس کردووە، شەوگارەکان مووەکانیان سپی کردووە و، تاوانەکانیش دڵیان رەش کردووە.

**- چیم کرد لەم ساڵەدا:**

ئەم ساڵە کە تێپەری و پشتی هەڵکرد، خۆشیەکانی رۆیشت و، تەنها ئەو کردەوانەی تێدا مایەوە کە بەندە ئەنجامی داوە، هەموو کەسێکیش کردەوەکانی خۆی

دەبینێتەوە ﴿ يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَراً وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوَءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَداً بَعِيداً... ﴾ [آل عمران:٣٠].

بەڵێ: ﴿ لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ ﴾ [الأنفال:٤٢]، ﴿ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴾ [فصلت:٤٦].

بەندە دەربارەی هەموو ئیش و کارەکانی دونیای پرسیاری لێدەکرێت، خوای گەورەش وەڵامەکان باش دەزانێت، بەڵام بۆئەوەی بەڵگە لەسەر بەندەکەی جێگیربکات.

پێشەوا (الترمذي) لە (عبدالله بن مسعود)ەوە ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (( لا تزول قدما ابن آدم يوم القيامة من عند الله حتى يسأل عن خمس: عن عمره فيما أفناه؟ وعن شبابه فيم أبلاه)).

واتە: هیچ بەندەیەك لەجێگەی خۆی ناجووڵێتەوە تاکو دەربارەی چوار شت پرسیاری لێ نەکرێت: دەربارەی تەمەنی لەچیدا بەسەری برد و، دەربارەی زانستی چی کارێکی پێکرد و، دەربارەی ماڵ و سامانی لەچی سەرچاوەیەکەوە دەستی کەوت و لەچیدا خەرجی کرد، هەروەها دەربارەی لاشەی لەچیدا ماندووی کرد و لەنێوی برد.

ئەی ئەو کەسەی کە تەمەنی خۆی بەزایە برد، ئایا نەتزانی باری خۆت قورستر دەکەیت و، بەڵگەی خوای گەورە لەسەر خۆت زیاتر دەکەیت، چەند ساڵە تۆ لە تەندروستی و ساغ و سەلامەتیدایت، کەچی زەکاتی ئەو نیعمەتەت نەداوە، بەڵکو خەسارۆمەندیش بوویت، چونکە کردەوەی چاکت زۆر لەکیسی خۆت برد، هەلەکانت نەقۆستەوە.

(عبدالله بن عباس) ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (( نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس: الصحة والفراغ )) [أخرجه الإمام البخاري].

واتە: دوو نیعمەت هەیە زۆر کەس بێبەشن لێی، تەندروستی و دەست بەتاڵی.

سەیریش ئەوەیە زۆر کەس وریای تەندروستی خۆیان و بەیانی و ئێوارە چاودێری دەکەن و، هەموو هەوڵ و پارەیەك دەخەنە خزمەتکردنی بەتایبەتی هەرکاتێك هەست بە نەخۆشی بکەن، ئەگەر چی ئەوەش کارێکی ڕێگەپێدراوە، بەڵام سەیر و جیاوازی لەوەدایە کە دەیبینی بێ ئاگایە لە چاککردنی دڵ و ئەندامەکانی و، لەوانەشە پیر بێت و بمرێت و هەر لەو باروودۆخەدا بێت.

**ساڵێکی تر بەڕێوەیە:**

وا ئوممەتی ئیسلامی پێشوازی لە ساڵێکی نوآ دەکات و جەستەی ئیسلامیش برینی تری پێوەیە، بەڵکو تاکو برینێك چاك دەبێتەوە برینێکی تر درووست دەبێت، نەفامی و شەر و برسێتی و ئاوارەیی و هەرەشە، ئەوەش ئاشکرایە دەبیسترێت و دەبینرێت، بەڵکو وای لێهاتووە ئەو رووداوانە بوونەتە مەسەلەیەکی ئاسایی کە تووشی موسوڵمانان ببن، جیهانی ئیسلامی بەو شێوەی لێهاتووە کە شاعیر دەڵێت:

أنى اتجهت إلى الإسلام في بلدٍ *** تجده كالطير مقصوصاً جناحاه

واتە: روو بکەنە هەرلایەك دەبینی ئیسلام وەکو باڵندەیەکە باڵەکانیان برییبێتەوە.

ئەو کەسەش ئەگەر بە دادگەرییەوە تەماشا بکات دەبینێت ئەوەی تووشی موسوڵمانان بووە بەهۆی کردەوەکانیان بووە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ ﴾ [الشورى:٣٠]. ﴿ أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَـذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ [آل عمران:١٦٥].

**- زۆربوونی کارەسات و برینەکانی ئەم ئوممەتە:**

ژماردنی کارەسات و برینەکانی ئوممەت لەرووی بێ هیواکردنەوە نیە، پەنا دەگرمە خوا لەو کارە، چونکە سەرەرای هەموو شتێك چاکە لە ئوممەتی ئیسلامدا تا رۆژی قیامەت نابرێتەوە، بەڵکو باسیان دەکەین لەرووی جووڵاندنی ورە و بەرزکردنەوەی غیرەت لە دەروونەکاندا، چونکە حاڵی زۆربەی موسوڵمانان لە جیهانی ئیسلامیدا حاڵێکی باش نیە و مایەی نیگەرانیە، لەلایەکەوە سەرسام بوونە بە دوژمنەکانیانەوە و، لەلایەکی تریشەوە رەوشت و ئاکارەکانی خۆیشیان لاوازی تێکەوتووە، هەموو ئەوانەش وایان کردووە دیاردەکانی ئیسلام بەروونی نەبینرێت نەك هەر لەسەر ئاستی کەسێتی، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکانیش، بەڵکو هەندێ لە موسوڵمان بەوەشەوە رانەوەستاون و بونەتە یارمەتیدەر بۆ دوژمنان، بەوەی کە خۆیان و پێنووس و هزریان تەرخان کردووە بۆیان و، بوونەتە مەترسیەك بۆسەر ئیسلام و موسوڵمانان، چونکە دوژمن ئاگەدار بووە لە کینەی ئەو کەسە کە دژی ئایینەکەیەتی، بەڵام ئەوانەی کە لەسەر موسوڵمانان دەژمێردریت ئەوانە مەترسیان زۆرترە چونکە حاڵیان شاراوەیە و، زۆرێك لە خەڵکی لەمەبەستی خراپیان تێناگەن، مەترسیەکەشی لەوکاتە زیاددەکات ئەگەر لەو کەسانە بژمێردرین کە بەرگری لە ئیسلام دەکەن.

**- تۆکمەکردنی پەیوەندی نێوان موسوڵمانان:**

ئیسلام سوورە لەسەر بەهێزکردنی نێوان موسوڵمانان و، جەخت لەسەر گرنگی ئەو کارە دەکاتەوە، بەڵکو سووربوونی ئیسلام لەسەر ئەو واتایە گەیشتووەتە ئاستێك کە هەموویانی وەکو یەك جەستە داناوە ئازار و هیوا و ئارەزوویان پێکەوە بێت، (النعمان بن بشیر) ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (( المؤمنون كرجل واحد إن اشتكى رأسه تداعى له سائر الجسد بالحمى والسهر )) [أخرجه مسلم].

واتە: موسوڵمانان وەکو یەك کەس وان، ئەگەر سەری ئازاری هەبێت، هەموو لاشەی تووشی تا و شەونخوونی دەبێت.

فەرموودەکە بەشێوەیەکی تریش هاتووە:((المؤمنون كرجل واحد إن اشتكى رأسه اشتكى كله وإن اشتكى عينه اشتكى كله))، واتاکەشی نزیکە لەواتای یەکەم فەرموودەوە.

هەروەها لەهەمان واتادا (ابو موسى الاشعرى) ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (( إن المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضاً وشبك أصابعه )) أخرجه البخاري.

واتە: ئیماندار بۆ ئیماندار وەکو بونیاتە هەندێکیان هەندێکیان بەهێزدەکەنەوە، ئینجا پەنجەکانی بەیەکدا کرد.

لەڕاستیدا ئەم دەقە چەند سیفەتێکی کاریگەری لەخۆگرتووە، سەبارەت بەیەکریزی موسوڵمانان لەنێوان خۆیاندا، چونکە ئیمانداران وەکو یەك بونیاتی کۆکراوەن، ئینجا لەبەر ئەوەش جاری وا هەیە بونیات لاوازە یان داڕووخاوە، فەرموودەکە جەختی کردەوە لەسەر ئەوە کە یەکتری ڕادەکێشن و هێز بە یەکتر دەبەخشن و هەر یەکێك لەلای خۆیەوە دەبێتە خشتێك لەو بونیاتەدا.

**- ئەرکی موسوڵمان لەگەڵ براکەی:**

ئیسلام هەر بەوەندە وازی نەهێناوە کە موسوڵمان لە بەرانبەر براکەیدا یەکێتی هەبێت، بەڵکو لەوەش زیاتر پێویستە لەحاڵی دوورى و ئامادە نەبوونیشدا هەر وابیت، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەکاتێکدا لە دەرەوەی مەدینە بوو، دەربارەی هەندێ لەو هاوەڵانەی کە لە گەڵیدا نەبوون دەیفەرموو: (( إنَّ بالمدينة أقواماً ما سرتم مسيراً ولا أنفقتم من نفقة ولا قطعتم وادياً إلا كانوا معكم وفيه وهم بالمدينة حبسهم العذر )) [أخرجه البخاري عن أنس رضي الله تعالى عنه].

کەسانێك هەن لە مەدینەن، ئێوە هەرچی رێگەیەك ببرن، یان ماڵێك خەرج بکەن یان بە دۆڵێك دا تێپەرن، ئەوان لەگەڵتانن ئەوان لە مەدینەن و پاساویان هەیە بۆ نەهاتن.

پێویستە موسوڵمان وابێت لە گەڵ براکەیدا لە خۆشی و ناخۆشی دا، لە ئامادەبوون و ئامادەنەبووندا، بە ئازاری هەست بە ئازار بکات و، بە خۆشیشی هەست بە خۆشی بکات، چونکە موسوڵمانان پێکەوە لە یەك کەشتیدان و یەك چارەنووسیان هەیە.

### - خۆ چاك كردنەوە:

جا ئەگەر مەسەلەکە وابوو، کەواتە، با موسوڵمان زۆر وریا بێت و نەبێتە هۆکارێك بۆ درووست کردنی کەلێنێك بۆ ئایینەکەی، چی لەرووی کەمتەرخەمی بێت بۆ خۆی، یان دەستدرێژی بەسەر یەکێکی تر، بەڵکو پێوستە هەموو موسوڵمانێك لەوە دڵنیا بێت کە بەرپرسی خۆی بێت بە تایبەتی و، بەرپرسی ئەوانەشە کە لەژێر دەستیدان بەگشتی.

بۆیە چاکسازی لەخۆتەوە دەست پێدەکات و، دواتر بازنەکەی چاککردن فراوان دەبێت تاکو ماڵ و دراوسآ و کۆمەڵگا دەگرێتەوە.

### - هەست کردن بە لێپرسراوێتی:

هەرکاتێك تاك هەستی کرد بە لێپرسراوێتی ئەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ بەهێز بوونی کۆمەڵگە بەتایبەت و بەهێزبوونی ئیسلام بەگشتی.

جا ئەگەر موسوڵمانان یەکێتیان بوو لەنێوان خۆیاندا، یارمەتی لاوازەکانیاندا بە ماڵ و بە پارانەوە لە خوا و بە هەستەکانیان لەگەڵیاندا بوون، ئەوە دەبێتە مایەی کاریگەرییەکی زۆر لە هێنانی سەرکەوتن لە لای خوای گەورە، هەرکاتێکیش چاکسازان هەڵسان بە بڵاوکردنەوەی هۆشداری و زانستی بیروباوەر و خەڵکیان بەرچاوروون کردەوە و لە عیبادەت و مامەڵە و رەفتارەکانیان، ئەو کارە بە سوودی مەزن دەگەرێتەوە سەر کۆمەڵگا، لە کۆتاییشدا ئەمانەی کە باسمان کرد دەبنە هۆکاری سەرکەوتنی ئیسلام و موسوڵمانان، بۆیە مەسەلەی لێپرسراوێتی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

(عبدالله ابن عمر) رەزای خوای لێبێت دەگێرێتەوە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە فەرموویەتی: { كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته، فالإمام راع وهو مسؤول عن رعيته، والرجل راع في أهله وهو مسؤول عن رعيته، والمرأة راعية في بيت زوجها وهي مسؤولة عن رعيتها، والخادم راع في مال سيده وهو مسؤول عن رعيته، والرجل

راع في مال أبيه وهو مسؤول عن رعيته. فكلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته} [أخرجه البخاري ومسلم].

واتە: هەمووتان لێپرسراون و هەمووشتان پرسیارتان لیّ دەكرێت دەربارەی ئەو كەسانەی لە ژێر دەستانان، پێشەوا و سەرۆك دەربارەی هاوڵاتییەكان پرسیاری لێدەكرێت، خزمەتكاریش پرسیاری لێدەكرێت دەربارەی ماڵی سەرگەورەكەی، چونكە بە ڕپرسە لێی، ئافرەتیش دەربارەی ماڵی مێردەكەی پرسیاری لێدەكرێت و لێی بەرپرسە، پیاویش بەرپرسە لەماڵی باوكی و، هەمووتان بەرپرسن و پرسیارتان لیّ دەكرێتەوە.

داواكارین خوای گەورە یارمەتی دەرمان بێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەركەكانمان و كاروبارمان چاك بكاتەوە.

**- كردەوەی چاكە و پاراو كردنەوەی نەفس:**

كاری چاكە بەزۆری ئەنجام بدەن و هیچ لەو بارەوە بە كەم مەزانن، لەوانەیە كارێكی كەم ببێتە مایەی پاداشتێكی زۆر بۆ خاوەنەكەی، جا با ببینە پشتیوانی یەكتر لەسەر چاكە و با وریای خۆمان بین بەتایبەت و كەسانی تر بە گشتی، هەركێیش كەمتەرخەمی تێدا بێت با چاكی بكەینەوە و چاودێری بكەین.

ئیسلام بریتییە لە چەند كۆمەڵگەیەك، كۆمەڵگاكانیش بریتین لە چەند كەسانێك، بۆیە هەركاتێك تاكەكان خۆیان چاك بكەنەوە كۆمەڵگا هەمووی چاك دەبێتەوە، بۆیە هەریەكێك لە ئێمە لەسەر سنوورێكە لە سنوورەكانی ئیسلام پێویستە بیپارێزێت و، با ئیسلام زیانی بەرنەكەوێت لەلای ئەوەوە.

**- ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عاشورا:**

یەكێك لەو كارانەی یارمەتیدەرن بۆ چاك كردنەوەی نەفس، ڕاهێنانێتی بۆ ئەنجامدانی كارە چاكەكان، یەكێك لەو كارە چاكانەش ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عاشورایە، چونكە دەبێتە مایەی لاچوونی گوناهی ساڵێكی ڕابردوو، وەكو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (( صيام عاشوراء يكفر سنة ماضية))، (( لئن بقيت إلى قابل لأصومن التاسع )). [أخرجه الترمذي بمعناه عن أبي قتادة - رضي الله عنه -]،

واتە: ڕۆژووی عاشورا گوناهی ساڵێكی ڕابردوو دەسڕێتەوە.

ئەگەر بمێنمەوە تاكو ساڵی داهاتوو ڕۆژی نۆیەمیش بەڕۆژوو دەبم.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕۆژووی ئەو ڕۆژەی گرتووە و نیازیشی بووە ڕۆژێك پێش ئەوەش بگرێت.

خوایەگیان ئەم ساڵە بکەیتە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ ئیسلام و موسوڵمانان.